خوێنەری ئازیزا ئەم باسە لە 3 بەش پێکهاتووە، ئێمەش دوای پیاچوونەوەی، بە 3 بەش بۆتان بڵاو دەکەینەوە.

## مەنسور حیکمەت

# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

**(دەربارەی گرنگی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی عەلەنی)**

## بەش 2

**وەرگێڕانی**

**ئاوات سەعید، ڕزگار مەحەمەد**

**تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین**

**پیاچوونەوەی**

**سالار ڕەشید**

## بەشی دووەم

### 1 ـ گرنگی "شێوەکاریی" باس و لێکۆڵینەوەی ئاژیتاتۆر

باسی گرنگی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستی دەبێت بەر لە هەر شتێک لە یەک ئاستی پایەیی و بەناو "شێوەکاریی"دا لە بەرچاو بگیرێت. لەم ئاستەدا هێشتا قسە لەسەر ئەوە نییە، کە بۆ نموونە ژمارەی ڕابەرانی عەمەلی و کرێکارانی خاوەن نفووز لە ڕیزەکانماندا، کەمن و دەبێت زیاد بکەن. باس لەسەر ئەمەیە، کە لە بنەڕەتدا حیزبی ئێمە، هەڵسوڕاوانی حیزب لە شارەکان و شانەکانی ئێمە دەبێت خاوەنی کۆمەڵە نەریت و خوو و ڕەوشت و شێوە هەڵسوڕاوییەکی ئەوتۆ بن، کە ڕاکێشانی ئەم جۆرە کرێکارانە **مومکین** دەکات. بە هەمان مانا پێشتر قسەمان لە پێویستیی "هەرسکردنی" دیاردەیەک کرد بە نێوی ئاژیتاتۆری کرێکاری لە سیستەمی عەمەلی هەڵسووڕانی حیزبیدا. شێوەکارەکانی ئێمە دەبێت بە جۆرێک بن، کە ئاژیتاتۆر و ڕابەری عەمەلیی کرێکاری **بتوانن** لەم سیستەمەدا جێگایان هەبێت. دەبێ کارکردن لەگەڵ حیزبدا، نەک تەنها لەگەڵ تایبەتمەندێتی و پێداویستییەکانی هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆردا ناکۆک نەبن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێ چوارچێوەیەکی تەواو بۆ پشکووتنی ئەم تایبەتمەندییانە و بەهێزکردنیان بڕەخسێنێ. شێوەکاری پۆپۆلیستی، کە ڕێک دێتەوە لەگەڵ جۆری ژیان و شێوازی نارەزایەتی ئەو وردەبۆرژوازییانە، کە تاک تاک خەریکی بەرهەمهینانن بێگومان جێگایەک بۆ ئاژیتاتۆری پرۆلیتاری و ڕابەری جەماوەریی کرێکاری ناهێڵێتەوە. کاتێک خەباتی سیاسی لە نێوان داسەپاندنی گوشاری ئاشتییانە بەسەر بۆرژوازی و یاخیبوونی کوێری تیرۆریستانە ئەم لا و ئەو لا بکات، کاتێک دەرخستنی وجودی سیاسی ببێتە خۆدەرخستنی سەرجادەیی، کاتێک کاری نهێنی تا ئاستی چالاکی

پیلانگێڕانەی چەند دەستە و تاقمی دابڕاو لە کۆمەڵ بشێوێنرێ و دەخاڵەت لە مەیدانی ئاشکرای خەبات بە شێوەیەکی ڕەها ڕەت بکرێتەوە، بێگومان کرێکارێکی خاوەن نفوز و ڕابەرێکی کرێکاری، کە دەتوانێ ڕۆڵی خۆی تەنها لە پێشەوەی ڕیزی کرێکاراندا بگێڕێت، جێگایەکی لە ڕێکخراودا دەستناکەوێ. بێ هۆ نەبوو، کە مەزنترین ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکان لە چڵەپۆپەی ڕەونەقیاندا، نەک تەنها خاوەنی هێز و نفوزی جیدی خەباتگێڕانە لە پیشەسازییە گەورەکانی وەکوو پیشەسازی نەوتدا نەبوون، بەڵکە تەنانەت لە ڕێکخستن و ڕابەرایەتیکردنی یەک مانگرتن لە یەک کارگەی (50) کەسیشدا بێتوانا بوون و تا ئەو جێگایەی، کە پەیوەندی بە ناڕەزایەتی و خەبات (بە مانای وشە)ی کرێکارییەوە هەیە، لانی زۆر دەبوونە شوێنکەوتە و پەیامنێر. شێوەکاری حیزبی سیاسی چینی کرێکار، دەبێت لەگەڵ ژیانی ئابووری و شێوە دیاریکراوەکانی خەبات و ناڕەزایەتی کرێکاریدا بگونجێت. کرێکار لە ڕێکخراوبووندا، هێزو و توانا وەردەگرێ. ناڕەزایەتی تاکەکەسی کرێکاران بێبەرهەمە و تەنها خەباتی ڕێکخراوبوونیان بەرهەمدارە. کرێکاران لە مەیدانی بەرهەمهێناندا، خاوەنی ئامرازێکی فشارهێنەری بەهێزن. هەر لێرەوەیە، کە کارخانە و جێگای بەرهەمهینان یەکێک لە بنچینەییترین مەیدانەکانی خەباتی کرێکاری پێک دەهێنن و مانگرتن دەبێتە شێوەی بنەڕەتی ناڕەزایەتی کرێکاران لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهاندا. کرێکار بە پێچەوانەی وردەبۆرژوازییەوە یەک چینی کۆمەڵایەتییە و پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی گەورەوە. ناڕەزایەتی و خەباتی ئەم چینە بە ناچاری شێوازی جەماوەری ئاشکرا و ڕووبەڕوو بە خۆیەوە دەگرێت. ناتوانرێت کرێکاران لە دەستەی خەباتگێڕانەدا ڕێک بخرێن و چاوەڕوانی ئەوە بین، کە هەر وەک **کرێکاران** خەبات بکەن. وە سەرەنجام کرێکاران یەک چینی سەراسەری و لە هەمان کاتدا بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵی فابریکەیی و ناوچەیی لە ئارا دان، کە لە هەر یەکەیاندا جەماوەری فراوانی کرێکاران پێویستییان بە ڕابەری حازربەدەست و ناوچەیی خۆیان هەیە. خەباتی سەراسەری کرێکاری پەیوەندییەکی لێکنەپچڕاوی لەگەڵ



ڕێکخستن و جوڵەی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینەدا هەیە. ناتوانرێت کرێکاران وەک بۆرژواکان و وردە بۆرژواکان، بە ڕاگەیاندنی مەرجەعێکی تەقلیدی و دەوڵەتێکی دوورە وڵات و لەم جۆرە شتانە هەر لە دوورەوە بخرێنە سەر بار. ڕێکخستن و ڕابەرایەتی ناوچەیی بۆ هەر کارکردێکی چینایەتی کرێکاران هەر لە مانگرتن و ڕاپەڕینەوە بیگرە تا کونترۆڵی کرێکاری و پیادەکردنی بەرنامەڕێژیی ئابووری لە سبەینێی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، یەک مەسەلەی چارەنووسسازە و چاوی لێ ناپۆشرێت. شێوەکاری کۆمۆنیستی لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییە بابەتییانەی ژیان و خەباتی چینی کرێکار شێوەکارێکی گونجاوە. تەواوی ناوەڕۆکی ڕەخنەی ئێمە لە شێوەکاری پۆپۆلیستی دەتوانرێت لەوەدا کورت بکرێتەوە، کە ئێمە لەوە تێگەییشتین، کە دەبێت هۆشیارانە و لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە نەریتە بۆرژوازییەکانی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی چەپدا، ڕێگەی خۆمان ڕووەو سازگارکردنی شێوەکانی هەڵسووڕانی حیزبی لەگەل واقیعیاتی ژیانی بەرهەمهینەرانە و خەباتکارانەی چینی کرێکاردا بگرینە بەر. پۆپۆلیستەکان بۆیان هەیە، بە هەر شێوەیەک کە دەیانەویت، ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی، کە پایەگا و پشتیوانی ئەوانە وەگەر بخەن و ڕێنومایی بکەن. ئێمە لەسەرمانە، کە چینی خۆمان چینی کرێکار لەو شکڵانەدا و بە پشتبەستن بەو میکانیزمانە ڕێکخراو بکەین، کە بە باشترین شێوە ئیمکانییەتی بە ماددیبوونی هێزی واقیعی چینی کرێکار دەدەن. خەباتی چینی کرێکار هەر لە مانگرتنەوە تا ڕاپەڕین و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، پێویستی بە ڕابەرانی عەمەلی محەللی و ئاژیتاتۆرەکانە. هەر بۆیە حیزبی کۆمۆنیست دەبێت، خۆی ڕێکخراوێک بێت لە ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان. تێگەییشتنی پەیوەندی حیزب و چین بە شێوەی پەیوەندی دوو جەمسەری "ڕێکخراوی نهێنی_ جەماوەری کرێکاران" یەک تێڕوانینی میکانیکییە. ئەمە دەربڕینێکی دیکە لە فورمولەکردنی چریکانەی "ماتۆڕی بچوک_ ماتۆڕی گەورە"یە. لە جیهانی واقیعیدا ئاژیتاتۆرەکان و ڕابەرانی محەللی و شەعبی خاوەن نفوز ئەو ئەڵقەیەن، کە حیزبی نهێنی پێشڕەوانی ئەو چینە دەبەستێتەوە و لە

پەیوەندیدا ئەیهێڵێتەوە بە جەماوەری فراوانی کرێکارانێکەوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە ئاشکرا دەرس وەردەگرن وە بە ئاشکرا ناڕەزایەتی دەردەبرن و بە ئاشکرا ڕێکخراو دەبن. مەسەلەیەک، کە ئێمە لەگەڵیدا بەرەوڕووین ئەوەیە، کە: لە حیزبی ئێمەدا و لە شێوەکاری ئێمەدا چ جێگایەک بۆ ئەم توخمە حەیاتییەی خەباتی کرێکاری تەرخان کراوە؟ ئایا شێوەکانی هەڵسووڕانی ڕێکخراوەییمان، بە شێوەیەکی سروشتی هەلومەرجێکی لە بار بۆ دەورگێڕانی ئەم توێژە دیاریکراوە لە چینی کرێکار دەهێنێتە گۆڕ؟ ئایا حیزبی ئێمە دەتوانێت دوولایەنی و لێکجیایی نەریتی نێوان حیزبی سیاسی لە لایەکەوە و ڕابەرانی عەمەلی و عەلەنیکار لە لایەکی ترەوە لەنێو بەرێت و خودی حیزبی سیاسی بکاتە حیزبێکی پێکهاتوو لە ڕابەرانی کۆمۆنیستی خاوەن نفوزی مەحەللی؟

بەم پێیە باسەکەی ئێستا هەنگاوێکی ترە ڕووەو وردکردنەوەی شێوە عەمەلییەکانی هەڵسووڕانی مەحەللی و شانە حیزبییەکان. سەربەخۆ لەوەی، کە چ شتێک پێویستە لە پێشەوە لە دەستوردا بێت و سەربەخۆ لە هەر کەموکوڕییەکی ئێستا، ڕووهێنانی ئێمە بۆ ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری و لێهاتوویی ئێمە لە پەروەردەکردنی ڕابەرانی کۆمۆنیست بۆ بزووتنەوە ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و بەشە جیاوازەکانی چینی کرێکار و هەوڵ و تەقەلای ئێمە بۆ گۆڕینی حیزبی کۆمۆنیست بە حیزبی ڕێکخەری ئەم ڕابەرانە، مەسەلەیەک و ئەرکێکی هەمیشەیی ئێمەیە، بە جیا لەوەی کە ئاکسیۆنێک لە ئارادا بێت یا نا. بەشێکی گرنگی تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنی ڕۆتینی حیزبی تەنها بە کۆمەکی چالاکی نواندنی ئاژیتاتۆرەکان لە توانادایە. ئێمە دەبێت ڕووەو ئەوە بڕۆین، کە حیزبی ئێمە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەشێکی بەرچاوی ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕیزەکانی خۆیدا هەبێت. لێهاتوویی بۆ ڕێکخستنی ئەم بەشە لە چینی کرێکار، یەکێکە لە بەڵگە گرنگەکانی دیاریکردنی ئەوەی، کە ئایا بە ڕاستی حیزبێک بووەتە یەک ڕەوتی دەروونی چینی کرێکار یان نا.



## 2 ـ شانەی پایەیی حیزبی و "هەڵسووڕانی پایەیی" حیزب

شانە بچووکترین بەشی پایەیی حیزبە، کە لە کارخانەیەک یان گەڕەکێکدا پێک هاتووە. لەم ڕوانگەیەوە، شانە ئەرکی ڕۆتین و پێناسەکراوی لەسەر شانە. بەڵام "هەڵسووڕانی پایەیی" **حیزب** لە کارخانە و لە گەڕەک لە سنووری هەڵسوڕانی ڕۆتینی **یەک شانە** واوەترە. "هەڵسووڕانی پایەیی" **حیزب** یانی تەبلیغ، تەرویج و ڕێکخستن و ڕابەرایەتیکردنی خەبات لە یەک کارخانە یان بەش (کە کۆمەڵێک کارخانە و گەڕەکی کرێکاری دەگرێتەوە) شتێکی زیاترە لە تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنێک، کە لە لایەن یەک یان چەند **شانەی** بنەڕەتییەوە ئەنجام دەدرێت. ئەو بەشە ڕێکخراوەییەی، کە بە پێی پێناسە ئەرکی بەرەو پێش بردنی ئەو ئاستە لە هەڵسووڕانی هەیە ئیدی شانە نییە، بەڵکە یەک کۆمیتەی ڕێکخراوەییە (کۆمیتەی کارخانە، بەش ناحیە و... شتی تر). ئەرکە تەبلیغی و تەرویجی و ڕێکخراوەییەکانی یەک شانە سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، دەتوانرێت ڕێکخستنی ئەڵقە تەرویجییەکان و شەبەکەکانی دابەشکردنی بڵاوکراوە و کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی و لەم جۆرە شتانە لە یەک شانە داوا بکرێت، بەڵام ڕێکخستنی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان ناتوانرێت هەروا بە سادەیی لە یەک شانە چاوەڕوان بکرێت. ئەمانە نەتوانرێت بەشێک بێت لەو ئەرکانەی، کە شانە دەبێ جێبەجێیان بکات. ئەمانە ئیتر ئەرکی کۆمیتە ڕێکخراوەییەکانن، بە واتایەکی دیکە، دەبێت جیاوازی لە نێوان ئەرکەکانی شانە وەک بەشی هەرە بچووکی پایەیی لەگەڵ "هەڵسووڕانی پایەیی" حیزبیدا یانی لەگەڵ ئەو چەندایەتی و چۆنایەتییە لە هەڵسووڕان، کە لە حازربوونی هەمە لایەنەی حیزب لە یەک کارخانە یان ناوچەدا چاوەڕێ دەکریت، بکەین. سەبارەت بە یەکەمیان، ئێمە قسە لەسەر کارکردەکانی یەک بەش و یەک شانەی پایەیی ڕێکخراوەیی دەکەین و سەبارەت بە دووەم، بەس لەسەر هەموو ئەو چالاکییانەیە، کە حیزب دەبێت لە دوا شیکردنەوەدا لە هەر بەشێکی کارخانەیی و مەحەللیدا بتوانێت بەرەو پێشی بەرێت.

بەڵام ئایا ئەم خاڵانە چ پەیوەندییەکیان بە مەسەلەی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنەوە هەیە؟ پەیوەندی مەسەلەکە لێرەدایە، تا ئەو جێگەیەی، کە شانەکانمان بە مانای تایبەتی وشە لە بەرچاوە، ناتوانرێت ڕێکخستن و ڕێنومایکردنی ئاژیتاتۆرەکان وەک ئەرکێکی لێبڕاوانەی ئەوان چاو لێ بکرێت (واتە ئەرکێک، کە بە بێ ئەنجامدانی، شانەکان کامڵ نەبن). هەر شانەیەکی ڕێکخراوە**یی لێپرسراو** نییە، کە بە حەتمی یەک یان چەند ڕابەری عەلەنی کرێکاری ڕێک بخات و پێداویستییەکانیان ئامادە بکات. ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستە شەعبی و عەلەنییەکان بە مانای **واوەتر چوونە** لە سنووری ئەرکە پێناسەکراوەکانی یەک شانە. بەم پێیە، یەکەم، هەمیشە کۆمەڵە شانەیەک دەتوانن لە ئارادا بن، کە بێ ئاژیتاتۆری شەعبی بن. دووەم، ئەو شانانەشی، کە خاوەنی ئەو ئیمکانیەت و توانایەن، کە ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری لە پەیوەند بە خۆیانەوە و لەژێر ئاڵای حیزبی کۆمۆنیستدا ڕێکخراو بکەن، کەم تا زۆر دەیانەوێت خۆیان لە چوارچێوەی یەک شانە واوەتر بەرن. لێرەدا ئیتر یەک هەنگاوی بەکردەوە بۆ شکڵ گرتنی ئۆرگانە بەرزترە حیزبییەکان (وەک کۆمیتەکانی کارخانە) هەڵدەهێنرێتەوە. ئێمە وەک یەک پایە و یەک ئەولەویەت، لێبڕاوانە خوازیاری دروستکردن و زیادکردنی شانە بنەڕەتییەکان و ئەنجامدانی و ڕێکوپێکی ئەرکە پێناسەکراوەکانی شانەکانین لە لایەن شانەکانەوە. ئەمە ئەو حەیەوییەتە هەمیشەیی و ئەو توخمە هەمیشەیییەی گەشەسەندنە، کە هەر چالاکییەکی ئاڵۆزتر و کامڵتری حیزبی، لە هەر قۆناغێکی ژیانی حیزبدا، دەبێت پشتی پێ ببەستێت و بیکاتە بنەما. ئەم کارە وەستانی بۆ نییە و هەرگیز لە ئەولەوییەت ناکەوێ. لەسەر بنەمای ئەم گەشەسەندنە هەمیشەیییەی ژێرەوە، حیزبی ئێمە دەتوانێ پێ بنێتە مەیدانی "تازە"وە و ئەرکی ئاڵۆزتر و ئاوێتەتر بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە و سەرەنجام ئۆرگانە ڕێکخراوەییە ئاوێتە و بەرزترەکان لە پەیکەری ڕێکخراوەیی حیزبدا بهێنێتە کایەوە. ڕاکێشان و ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرەکان و بەرەو پێش



بردنی مەسەلەی ئاژیتاسیۆنی جەماوەری و ڕابەریکردنی عەمەلی ئاکسیۆنەکان، یەکێکە لەم مەیدانانە.

لەم دەورەیە لە کاری حیزبی کۆمۆنیستدا، پێ خستنە نێو مەیدانانەوە و شکڵ پێ دانی ئۆرگانەکان و ئەندامە باڵاترە حیزبییەکان یانی هەموو ڕێکخراوی حیزبیی کارگە بە ئەرکە جۆراوجۆرەکانییەوە، پێش ئەوەی ئەنجامی یەک هەڵوێستی "لە سەرەوە" و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆیی بێت، ئەنجامی یەک کامڵبوون و گەشەکردنە لەژێرەوە. ئامانجی ئەم باسەی ئێستا ئەوەیە، کە ئەم ئاسۆی گەشەکردنە، لە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانیدا، بخرێتە ڕوو.

بەڵام ئەوەی، کە سەرنجی شانەکان بە گشتی ڕووەو مەسەلەی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی جەماوەری ڕادەکێشین و لەم باسەدا هەموو شانەکان بانگەواز دەکەین، لەو ڕووەوەیە، کە یەکەم، هەموو شانەکان و هەڵسووڕانی حیزب ڕووە و کاری سیاسی (و لە قوناغەکانی دواتردا ڕێکخراوەیی) لەگەڵ ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری ئاراستە بکەین. گرنگی ئەم توێژە لە چینەکە، دەبێت بۆ گشتمان ئاشکرا بێت. دووەم، هەنگاوەکانی دواتری ئەو شانانەش، کە هەر ئێستا خاوەنی ئیمکاناتی سەرەتایی و توانایی پێویستن بۆ پێ خستنە ئەم مەیدانەی هەڵسووڕانەوە، دیاری بکەین. بۆ زۆربەی شانەکان باسەکەی ئێمە لە سنووری یەک دەرسی شێوەکار و وەک پێداگرتنێک لەسەر یەک لایەنگری گشتی، بەڵام گرنگ، دەمێنێتەوە. بۆ بەشێکی تر ناوەڕۆکی ئەم باسە دەتوانێت ڕێنوماییەک بێت بۆ کاری دیاریکراو هەر لە ئێستادا.

## 3. پێداویستییە گشتی و سیاسییەکانی ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان

لەوانەی کە تا ئێستا باسمان کردن ڕۆشنە، کە مەسەلەی ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان، یانی ڕابەرانی خاوەن نفوز وە یا لە حاڵی

شکلگرتنی کرێکاران لەسەر ئاستی کارگە و گەڕەک، ناتوانرێت بهێنرێتە خوارەوە بۆ ئاستی یەک میکانیزمی سادەی ئەندامگیری. باس لەسەر یەک ڕووتێکردنی جیدییە لە لایەن ئێمەوە بۆ ئەم مەیدانەی هەڵسووڕان و بە هەمان شێوە هێنانەدی حەرەکەتێکە لەنێو ڕابەرانی کرێکاری و کرێکارانی پێشڕەو و خاوەن نفوز ڕووەو کارکردن لەگەڵ حیزبدا. لە ناوەڕۆکی مەسەلەکەدا ئەمە یەک ڕووتێکردن و حەرەکەی سیاسییە لە هەر دوو لاوە. لە لایەن ئێمەوە، ئەمە یەک ڕووتێکردنە بەرەو ڕابەرانی عەمەلی و خاوەن نفوزی جەماوەری، بۆ کارتێکردنی کۆمۆنیستانە لەسەریان، لە لایەن ڕابەرانی کرێکارییشەوە یەک ڕووهێنانە بەرەو کاری کۆمۆنیستی و ڕێکخراوبوون لە ڕێکخراوی نهێنیدا. فاکتەری بزوێنەری ئەم ڕووتێکردنە لە هەر دوو لاوە، بە هەر حاڵ، حیزبی ئێمەیە. ئەوە ئێمەین، کە ڕوو لە ڕابەرانی عەمەلی دەکەین بۆ ئەوەی کارێک بکەین، کە ئەوان ڕوو لە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست بکەن. وە ئەوە ئێمەین، کە دەبێت پێداویستییەکانی کار فەراهەم بکەین. چۆن؟

ئەلف/ پاڕاستنی پەیوەندی هەمیشەیی و ئاوێزانبوون لەگەڵ ئەڵقەکانی کرێکارانی پێشڕەو

ئەم ئەڵقانە هەمیشە وجودیان هەیە. هیچ پلەیەک لە سەرکوت و خەفەقان ناتوانێت هەلیان وەشێنیتەوە و لەنێویان بەرێت. کرێکارانی بە ئەزموون و دنیادیدە بە درێژایی چەندین ساڵ ڕێگە و فەرمی پاڕاستن و پەرەپێدانی ئەم ئەڵقانە لەنێو کرێکاراندا فێربوون. ئەم ئەڵقانە لەسەر بنەمای سروشتیترین پەیوەندی و لەنیو دڵی هەزاران پەیوەندی ڕۆژانەی کرێکاران لە شوێنی کار و ژیاندا، مانەوەی خۆیان دەپارێزن. بۆرژوازی تا ئێستا لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا نەیتوانیوە کرێکاران ئەوەندە تاک تاک و ئەتومیزە بکات، کە ئەم پەیوەندییانە بە جیدی بکەونە مەترسییەوە. لەم پەیوەندییە ئەڵقەییانەدا، کرێکارانی هەڵسوڕاوتر و هۆشیارتر بیروڕا و بۆچوون دەگۆڕنەوە و بڕیار دەدەن و تەنانەت جۆرێک فێربوونی سەرەتایی (بە گشتی ڕووەو بردنە سەرەوەی تێگەییشتنی بەرژەوەندییە ڕشتەییەکان) لەنێو جەماوەری



کرێکاران و بە تایبەتی کرێکارانی لاوتردا دەبەنە پێشەوە. "ئۆتۆریتەکان" لەم پەیوەندییانەدا، کەم تا زۆر شکڵ دەگرن. بێ ئەوەی، کە ڕێکخستن و ڕێکخراوێک لە کاردا بێت، کۆمەڵە ڕشتەیەک لەنێو دڵی پەیوەندییە سروشتییەکاندا کرێکارانی هەڵسوڕاو بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکەوە دەبەستێ. ئەم ئەڵقانە مەڵبەندە چارەنووسسازەکانی نێو چینی کرێکارن. هەڵسوڕاوانی حیزب خۆیان وەک بەشێک لە کرێکارانی پێشڕەوی دەوروبەری خۆیان، دەبێت بەم ئەڵقانەوە جۆش بخۆن. لە هەر جێگەیەک ئەم ئەڵقانە شێوەی جیدیتریان بە خۆوە گرتبێت، بە هەمان پلە دروستکردنی پەیوەندی جیدیتر لەگەڵیاندا لە چوارچێوەی پەیوەندییە سروشتییەکاندا دەکەوێتە سەر شانی ئێمە. هەر وەکوو لەوەو پێشیش وتمان، تەنها لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنییەتی دەتوانێت دامێنی پەیوەندی و ئاوێزانی سروشتی ئێمە لەگەڵ ئەم ئەڵقانەدا سنووردار بکات. جیاوازی تێڕوانینی ئێمە لەگەڵ ئەم یان ئەو دەستە و ئەڵقە لە کرێکارانی هەڵسوڕاو بە هیچ جۆرێک ناتوانێت بەڵگەیەک بێت بۆ بڕینی پەیوەندی و دوورکەوتنەوە لێیان.

ب/ ئاگادارکردنی کرێکارانی پێشڕەو لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزب لەنێو دڵی ئەم پەیوەندییە هەمیشەییەدا، ئێمە دەبێت هەمیشە خەریکی "پەمپ"کردنی بۆچوون و سیاسەتەکانی حیزب بۆ نێو ڕیزەکانی کرێکارانی پێشڕەو بین. هەر کرێکاریکی خەباتکار و هەڵسوڕاو دەبێت ئاگاداری بۆچوونەکان، سیاسەتەکان و دروشمەکانی ئێمە بێت (تەنانەت ئەگەر ڕەخنەشی لێیان هەبێت). تەرویج و تەبلیغی ئامادە و سیستماتیکی بۆچوونەکانی حیزب لەم ئەڵقانەدا (بێگومان بە لە بەرچاوگرتنی ئاستی ئەمنییەتی هەر پەیوەندییەک)، گەیاندنی نامیلکە گرنگەکان و بڵاوکراوە حیزبییەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە ئەڵقەکانی کرێکارانی پێشڕەو، ناساندن و جێگیرکردنی دەنگی ح. ک. ا لە نێو کرێکاراندا و ڕوونکردنەوەی هەمیشەیی تاکتیکەکان و دروشمە حیزبییەکان لە پەیوەندییە کرێکارییەکاندا مەرجی پێویستی ئەم کارەن، دەبێت کارێک بکرێت کە هەر کرێکارێکی

هەڵسوڕاو، حیزبی کۆمۆنیست لە لایەنە سەرەکییەکان و ئەوەندەی دەکرێ لە وردەکاریی دیدگا و هەڵوێستەکانیدا بناسێت و لە بەرامبەر هەر مەسەلەیەکی تازەدا، خوازیاری ئاگاداربوون لە نەزەر و لایەنگیرییەکانی حیزب بێت.

ج/ توانای تەرویجکردنی مارکسیزم و ڕەخنە لە بۆچوونە نا پرۆلیتارییەکان

ڕووتێکردنی ئێمە بەرەو ڕابەرانی عەمەلی کرێکاران دەبێت ببێتە هۆی پەیوەستبوونی لێبڕاوانەی ئەوان بە مارکسیزم و ڕێکخراوەی کۆمۆنیستانەیان. ڕەخنە لە بیر و بۆچوونە ناپرۆلیتارییەکان و هەوڵدان بۆ برەودانی مارکسیزم لەنێو کرێکاراندا، یەک ئەرکی حەیاتی ئێمەیە. ئاستی تەرویجی ئێمە دەبێت بۆ کارتێکردنی جیدی لەم کرێکارانە تا ڕادەی پێویست باڵا بێت، بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک مانای تەرویجی خاڵە پەتییەکان و وتنەوەی سادەی فورمولە مارکسیستە کلاسیکییەکان نییە. مورەویجی ئێمە دەبێت پایە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەرامبەر دەرکەوتە جیاوازەکانی خورافاتی بۆرژوازیدا لێک بداتەوە. مارکسیزمی زیندوو و ڕۆشن و پەیوەست بە مەسەلەکانی کۆمەڵگە و جیهانی ئەمڕۆوە، ئەمە شتێکە، کە هاوڕێیانی مورەویجی ئێمە دەبێت هەوڵ دەن لەگەڵ خۆیاندا بیبەنە نێو کرێکارانەوە. هەروەها تایبەتمەندییەکانی خودی مورەویجیش گرنگن. پۆپۆلیزم بە شێوەیەکی سوننەتی مەسەلەی تەرویج دەسپێرێت بە ڕووناکبیران و خوێندکاران. ڕووناکبیرانێک هەتا ئەگەر مارکسیزمیان باشتریش خوێندبێتەوە، بەڵام سەبارەت بە ژیان و خەباتی عەمەلیی چینی کرێکار بۆچوون و تاقیکردنەوەیەکی زۆر کەمیان هەبوو، ئەم مورەویجانە زۆر بە کەمی توانیویانە وەکوو پێویست بن و لە ڕووی تیۆریشەوە خاوەن نفوز بن. تەرویجی ئەوان زۆر بە کەمی پەیوەند بوو بە مەسەلە زیندووەکانی کرێکارانێک، کە لە ئەڵقەکانی ئەواندا بەشدارییان دەکرد. ئێمە دەبێت مورەویجێک پەروەردە بکەین، کە ئەم گیروگرفتانەیان نەبێت. ڕۆشنبیران دەتوانن لە مەسەلەی تەرویجدا کاریگەر بن، بە مەرجێک سەبارەت بە ژیان و خەباتی عەمەلی کرێکاران هەستیار



بن. تێبینی زۆر و تاقیکردنەوەی بەرجەستەیان لەم ژیان و خەباتە و گوشە جیاوازەکانی هەبێت و سەرەڕای ئەمانەش لەگەڵ مەسەلە و سەرقاڵییەکانی کرێکارانی پێشڕەو بە چاکی ئاشنابن، بەڵام دەبێت بتوانین هەرچی زیاتر مورەویجینی خۆمان لەنێو خودی کرێکارانی هۆشیار و بە ئەزموونددا پەروەردە بکەین. نەک تەنها ئاگاداربوونی تیئۆری، بەڵکوو هەروەها پوختی عەمەلی مرەویج بۆ سەرکەوتووبوونی پێویستە.

د/ ئامادەبوون لە مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و داواکارییەکانی کرێکاران

هەر ڕەوتێک، کە حەساسییەتی پێویست لە بەرامبەر مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، داواکارییەکانی کرێکاران و ڕێگرەکانی بەردەم ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان نیشان نەدات، ناتوانێت پەرەداربوونی نفوزی خۆی لەنێو کرێکاراندا ببینێت. بەشێک لەم حەساسییەتە لە ڕێگەی کرێکاریبوونەوەی پێکهاتووی حیزب و هەروەها کاری هەمیشەیی شانەکان لەنێو کرێکاراندا بەدەست دێت. بەڵام ئەمە بە تەنها بەس نییە. پێویستە ئەم مەسەلانە بە شێوەیەکی جیدی بدرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دەبێت سەبارەت بە گشت مەسەلەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، هەڵوێستی ورد و پشتبەستوومان بە ئاگاداربوون و مەعریفەی پێویستەوە هەبێت. دەبێت ورەی کرێکاران و ئارەزوو و داواکارییەکانیان بناسین و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو گیروگرفتانە ئاشنا بین کە ڕابەرێکی عەمەلی بۆ وەگەڕخستن و ڕێکخستنی کرێکاران دووچاری دەبێت.

هەر هاوڕێیەکی شانەیی ئێمە لە کارگە و گەڕەک دەبێت توانای لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی مەسەلە کرێکارییەکان و ڕەخنەگرتن لە دیدگا و هەڵوێستە ئینحرافییەکانی هەبێت. هەر هاوڕێیەکی ئێمە دەبێت بەرەبەرە ببێتە مەرجەعێکی خاوەن نەزەر بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کرێکاران، هەر لە مەسەلەکانی وەکوو قانوونی کار، مەسەلەی تەبەقەبەندی، سوودوەرگرتن، سەلامەتی جێگای کار، کرێ، قازانجی تایبەتی، ئیمتییازات، هەلومەرجی کاری ژنان و هتد... بگرە تا ئامار و

ژمارەی تایبەت بە ئاستی بەرهەمهینان، وەکارخستن و کەڵەکەبوونی کرێکاران و هتد... لە کارگەکان و ناوچە جیاوازەکاندا دەبێت بە جیدی ببێتە جێگەی سەرقاڵیی هەڵسوڕاوانی ئێمە.

## 4. مەسەلە عەمەلی و ئەمنییەتییەکان لە ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرەکاندا

ڕێکخستنی هەڵسووڕانی نهێنی و پاراستنی بەردەوامکاری ڕێکخراوی نهێنی حیزب لەنێو کرێکاراندا، لە هەلومەرجی خەفەقانی ئێستادا (کە بۆ کۆمۆنیستەکان بە هەلومەرجی "ئاسایی" هەڵسووڕان دادەنرێت) بۆ خۆی مەسەلەیەکی ئاڵۆز و وردە. جا ئەگەر بێتو ئاژیتاتۆرەکان و ئەرکێک، کە لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ ئەم ڕێکخراوە زیاد بکەین، شتێکی ڕوونە، کە سەختی و دژواری کارەکە چەندین پلە زیاتر دەبێت. لێرەدا ئیتر لەگەڵ ڕێکخراوێک بەرەو ڕووین، کە بەشێک لە ئەندامەکانی بە شێوەیەکی **ئاشکرا** چالاکی دەنوێنن، جێگەکاری "ڕۆتینی" ئەوان کۆڕ و کۆمەڵە تا ڕادەیەک فراوانە کرێکارییەکان، کۆبوونەوە گشتییەکان، ڕیزی پێشەوەی مانگرتنەکان و نارەزایەتییەکانە. شتێکی بەڵگەنەویستە، کە هاوڕێیانێکی ئاوا دەکەونە ژێر زەرەبینی پۆلیسی سیاسییەوە. هەر جموجۆڵێکی ئەوان بە وریاییەوە لە لایەن هێزە جاسووسی و سەرکوتگەرەکانی پۆلیسەوە دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە. لەم هەلومەرجەدا لاوازی و مەسەلەی جۆراوجۆرمان دێتە ڕێ. ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرەکان و لێک هەڵپێکانی هەڵسووڕانی نهێنی شانە حیزبییەکان لەگەڵ هەڵسووڕانی ئاشکرای حیزبی، کە بە گشتی لە دەوری تەوەرەی ئاژیتاتۆرەکان پێک دێت، پێویستی بەوپەڕی ئامادەیی، وشیاری هەمیشەیی و پێش هەموو شتێکیش پێویستی بە یەک شێوەکاری ئوسوڵی و جێگرتووی کاری کۆمۆنیستی هەیە. ئەمەش لە حاڵەتێکدا، کە ئێمە هەلومەرجێکمان لە پێش خۆ داناوە، کە تیایدا ئاژیتاتۆرەکان کەسانی حیزبی و ئەندامی فەرمی حیزبن، خاوەن ئەزموونن، شێوەکانی خەبات لەگەڵ پۆلیسی سیاسی و پاراستنی ئەمنییەتی و



بەردەوامکاری ڕێکخراو فێربوون. لە پرۆسەی **ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرەکاندا**، لەو جێگەیەدا، کە ئاژیتاتۆرەکان هێشتا لە سەردەمی گوێزانەوە بۆ پەیوەست بوون بە حیزبەوە دەبەنەسەر، کارەکە لەمەش دژوار تر دەبێت.
بۆ ئاسانکردنی باسەکە چاکتر وایە لە سەرەتاوە بچینە سەر گیروگرفت و ڕێگرەکانی هەمان حاڵەتی یەکەم، یانی حاڵەتێک، کە قوناغی ڕاکێشان تەواو بووە و ئاژیتاتۆر بووەتە بەشێک لە خودی ڕێکخراوی حیزب و دواتر بچینە سەر تایبەتمەندییەکان و گیروگرفتە تایبەتییەکانی سەردەمی گواستنەوە. چۆنکە بە تێگەیشتنی ڕاست لەم مەسەلەیە لە شکڵی کۆتایی خۆیدا، تێگەیشتنی تایبەتمەندییەکانی پرۆسەیەک کە دەبێت بمان گەیەنێتە حاڵەتی کۆتایی، سادەتر دەبێتەوە. گیروگرفتەکان و نالەبارییەکانی کارەکامان کامانەن؟
ئەلف/ پەیوەندی ئاژیتاتۆر لەگەڵ ڕێکخراوی نهێنیی حیزبیدا
لە ڕاستیدا ئەمە بنەمای هەموو مەسەلەکانی ترە، هەر کار و کاردانەوەیەک لە مەسەلەی فێربوون، گواستنەوەی تاقیکردنەوە، ڕێنماییکردن و کونترۆڵ، بەشداری ئاژیتاتۆر (وەک ئەندامی حیزب) لە ژیانی ڕێکخراو و هتد... پێویستی بە پەیوەندییەکی ڕێکوپێک و پتەوی ئاژیتاتۆرەکان هەیە لەگەڵ شانە نهێنییەکاندا. چۆن دەتوانرێت ئەم پەیوەندییە بە دروستی دابمەزرێت؟ چۆن شانەی حیزبی دەتوانێت لەگەڵ هاوڕێی ئاژیتاتۆردا، کە یەک ڕابەری عەمەلی کرێکارانە، کەم تا زۆر وەک یەک کەسی "نارازی" خەباتکار و تانانەت "چەپرەو" لە لایەن پۆلیسی سیاسییەوە ناسراوە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پەیوەندی هەبێت بێ ئەوەی کە ئەمنییەتی ڕێکخراوەی نهێنی و ئاژیتاتۆر هەر دووکیان بکەوێتە مەترسییەوە .
ب/ ڕێنمایی ئاژیتاتۆر و کونترۆڵ و چاودێریکردنی کارەکان
کاری ڕۆتینی ئاژیتاتۆر، تەبلیغ و ئارایشدانی کرێکارانە (جا ئیتر بۆ ئاکسیۆن بێت یان بۆ ڕێکخستنیان لە شێوازە جۆراوجۆرەکاندا). ئەم کارە دەبێت بە شێوەیەکی ئاسایی لەژێر ڕابەرایەتی ڕێکخراوی نهێنی حیزبیدا ئەنجام بدرێت، بەڵام چۆن؟ چۆن ڕێکخراوی نهێنی هەڵسووڕانی توخمی

عەلەنیکار لە کاتی ڕوودانی مانگرتن، ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی وە یان لە کاتی هەڵگیرسانی ناڕەزایەتی دیاریکراوی کرێکاراندا، ڕابەرایەتی دەکات؟ یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کاری یەک موبەلیغی جەماوەری و ڕابەری عەمەلی کرێکاران بریتییە لەوەی، کە لە ماوەیەکی کەمدا ناچاری بڕیاردانێکی زۆرە لە بەرامبەر مەسەلە گرنگەکاندا (بۆ نموونە، ئایا مانگرتن دەبێت بەردەوام بیت، ئایا بڕیاری خاوەنکار دەبێت قبووڵ بکرێت، ئایا دەبێت شێوەی تەبلیغی خۆی، کەمێک بگۆڕێ، ئایا ورەی کرێکارانی بە چاکی دەستنیشان کردووە و ...). ئاژیتاتۆر لە هەلومەرجێکی ئاوادا پێویستی بە پرس و ڕا و ڕێنمایی هەیە. ڕێکخراوی نهێنی چۆن ئەم پێویستییە جێبەجێ دەکات؟ هەرچی مەودای سەرکوت توندتر ببێتەوە، ئەم گیروگرفتە بە شێوەیەکی توند و تیژتر دەردەکەوێت.

ج/ فێرکردنی سیاسی ڕێکوپێکی ئاژیتاتۆر

ئاژیتاتۆر دەبێت بە ئاسانی دەستی بگات بە بڵاوکراوەکانی حیزب، دەبێت بتوانێت کتێب و نامیلکەی پێویست بخوێنێتەوە. دەبێت بتوانێت لە دانیشتنە فێرکارییەکاندا بەشداری بکات. لە هەمان کاتدا وەک کەسێک، کە دوژمن بەرامبەر بەو هەستیارە، دەبێت ماڵەکەی پاک بێت. بەڵگەنامە و نووسین لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرێت و لە ماڵەوەی دانەنێت، پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکانی قابیلی شوێنهەڵگرتن نەبن ... هتد. ئەم پێداویستییەی ئاژیتاتۆر چۆن دێتە دی؟

د/ بەشداری ئاژیتاتۆر لە هەڵسووڕانی ناوخۆی حیزبیدا

ئاژیتاتۆر وەک ئەندامی حیزب دەبێت ڕاپۆرت بنێرێت، لە باسەکانی ناوخۆی حیزبدا بەشداری بکات، لە هەڵبژاردنە حیزبییەکاندا ڕای خۆی بدات، بیروڕای خۆی لەسەر بڕیارە جەماعییەکان بدات و دەیان کاری "نێوحیزبی" لەم چەشنە. چۆن دەتوانرێت یەک ڕابەری عەمەلی و ناسراو لە پەیوەندییەکی ئاوادا ڕابگرین بێ ئەوەی کە یەکەم، ئەمنییەتی ڕێکخراوی نهێنی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بخرێتە بەر مەترسی. دووەم، ئاگاداری ئەو لە شوێنەکان و کەسە حیزبییەکان لە ڕادەیەکی پێویست واوەتر نەچێت.



سێیەم، مەوقیعەتی خودی ئەو لە کاتی زەربەخواردنی ئەندامی دیکەی نێو شانە یان ئەندامی ئاستێکی تری ڕێکخراو لاواز نەبێت و کارەکەشی نەوەستێت؟

ئەمانە کۆمەڵە پێویستییەکی بنەڕەتین، کە دەبێت بە جیدی بهێنرینە دی. دەتوانین چەند هۆکاری تر بخەینە سەر ئەمانە. ئاژیتاتۆر تەنانەت کاتێک کە پەیوەندییە حیزبییەکەشی بە تەواوەتی شاراوە بمێنێتەوە، هەمیشە بە هۆی هەڵسووڕانی خۆیەوە وەک پێشڕەوی کرێکاران لە مەترسی سزادان، دەرکردن و گرتندایە. مەسەلەکانی ئەو وەک نانپەیداکەری خێزانێکی کرێکاری ئیتر مەسەلەی تایبەتی ئەو نییە، بەڵکوو یەک مەسەلەی حیزبییە. هەروەها لە کاتی دەرکەوتنی مەترسی ئەمنییەتیدا ئاژیتاتۆر دەبێت بشاردرێتەوە. فەراهەمکردنی ئیمکاناتی پێویست لەم مەیدانەشدا یەک ئەرکی ڕێکخراوی حیزبییە. وە مەسەلەی تری لەم چەشنە.

بەڵام وەڵام چییە؟ ئاشکرایە کە تاکە وەڵامێک، سەربەخۆ لە کات و شوێن و هەلومەرجی تایبەتی سیاسی و ئەمنییەتی هەر سەردەمە، لە ئارادا نییە. دەتوانرێت سەردەمێکی وا بهێنرێتە بەرچاو، کە چڵەپۆپەی هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەیە، ئاژیتاتۆر وەک ئەندامی حیزب، ڕابەری شورای کارگە، نوێنەری کرێکاران و ... هتد بێت و وەک هەر ئەندامێکی تری حیزبیش هاتوچۆی جێگا حیزبییەکان بکات، خۆی یەکسەر لە دانیشتنەکانی شانەی ڕێکخراوی خۆیدا بەشداری بکات یان لایەنگریی خۆی بۆ حیزبی کۆمۆنیست بە فەرمی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و بۆ جەماوەری فراوانی کرێکاران ڕابگەیەنێت و قسەکەری فەرمی بێت لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا. بەڵام بە ڕاستی ئەمە لە قوناغێکی تر داین، لەنێو سەرکوتی کەموێنە لە مێژووی خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە سەراسەری جیهاندا. لێرەدا دەبێت شێوەکار و میکانیزمی تایبەتی بەدەست بهێنین. باسەکەی ئێمەش ئەگەر بیەوێت ببێتە ڕێنومایییەک بۆ شانەکانمان لە هەلومەرجی ئێستادا، دەبێت هەلومەرجی ئەمڕۆ بکاتە بنەما.

پێش ئەوەی بچینە سەر شکڵی تایبەتیی ڕێکخستنی ئاژیتاتۆر و پەیوەندی و کار و کاردانەوەی بەرامبەریەکی ڕێکخراوی نهێنی لەگەڵ هاوڕێی عەلەنیکاری حیزب، دەبێت پەنجە بۆ چەند هۆکاری بنەڕەتی و گرنگ ڕابکێشین، کە هەر جۆرە ڕێکخستنێک دەبێت بە پشتبەستن پێیانەوە بێتە دی.

یەکەم، دەبێت پەنجە بۆ گرنگی "پەیوەندییە سروشتییەکان" لەنێو کرێکاراندا ڕابکێشین. ئەمە شتێکە، کە وردە بۆرژوازی بە "کەژاوەسازی" ناوی دەبات. بۆ ئێمە پەیوەندیی سروشتی، دوستایەتی و ناسیاوی و هاتوچۆی سروشتی نێوان کرێکاران، شتێکی زۆر زیاترە لەمە. ئەمانە میکانیزمە واقیعییەکانی کار و کاردانەوەی نێوخۆی چینەکە بن، وە بەم مانایە بەشێکیشن لە میکانیزمە عەمەلییەکانی هەڵسووڕانی ئێمە کۆمۆنیستەکان وەک بەشێک لە چینەکە. دەبێت گرنگی تەواو بەم پەیوەندییانە بدەین. کۆڕ و کۆمەڵە خانەوادەییەکان، دۆستایەتییەکان، پەیوەندی کارکردن، ناسیاوەکانی گەڕەک و هتد... یەکێک لە بار و دۆخە واقیعییەکانی هەڵسووڕانی خودی خۆمانە. بە ڕادەیەک کە هەڵسوڕاوانی حیزب ئەم پەیوەندییانەی خۆیان پەرە پێ دابێت. لەم پەیوەندییانەدا جێگرتوو بن و خۆیان بوون بە کرێکارانێکی "کۆمەڵایەتی"، کە پەیوەندی فراوانیان لەگەڵ هاوچینەکانی خۆیاندا هەیە، کاری ڕێکخستنی هەڵسووڕانی نهێنی و ئاشکرا هەر دوو، بە شێوەیەکی ئاسانتر دەچنە پێشێ. دەتوانرێت زۆر لە پەیوەندییەکان، دەرسەکان، هەواڵهێنانەکان و ڕێنوماییەکان لەنێو دڵی هەمان "پەیوەندییە سروشتیەکاندا" بۆ پێشەوە ببرێن.

دووەم، مەسەلەی گەشەی ئاستی هۆشیاری سیاسیی کرێکاران و زیادبوونی خۆشەویستیی گشتیی حیزب لە نێویاندا. پێشتریش تا ڕادەیەک سەبارەت بە دەورەدانی شانە حیزبییەکان بە توێژێکی فراوان لە کرێکارانی هەواداری حیزب قسەمان کردووە، بە ڕادەیەک کە پەیوەندە بە حیزبی کۆمۆنیستەوە قسەکردن لێوەی، پشتگیریکردن لێی تەنانەت بە قسەش، گوێگرتن لە ڕادیۆکەی، گەڕان بە دوای بڵاوکراوەکانیدا، لەنێو کرێکاراندا



زیادی کردبێت، بە هەمان ڕادە ڕێکخستنی تۆڕی بە ڕاستی حیزبی، چ نهێنی و چ ئاشکرا ئاسانتر دەبێتەوە. بە ڕادەیەک کە کرێکارانی ناڕازی زیاد بکەن کرێکارانی ناڕازی کۆمۆنیست دەبنە خاوەنی مەوقیعەتێکی عەمەلی پتەوتر، بە ڕادەیەک کە هەر ناڕازییەک قسە بە پێی دروشمەکان و شێوازەکانی ئێمە بکات، ئاژیتاتۆری فەرمی و ڕێکخراوی حیزبی لە فراوانکردنی لایەنەکان و پتەوکردنی ئەمنییەتی هەڵسووڕانی خۆیدا سەرکەوتووتر دەبێت. بەم پێیە پتەوکردنی پەیوەندی کاری نهێنی و ئاشکرا، پەیوەندی شانەکان و ئاژیتاتۆرەکان خۆی تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە هەڵسووڕانی ڕۆتینی هاوڕێیانی ئێمە بەستووە لە بڵاوکردنەوەی بڕواکان و سیاسەتەکانی حیزب و بردنە سەرەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی گشتی کرێکاران.

سێیەم، مەسەلەی ئامادەیی و لێهاتوویی سیاسی ڕێکخراوەیی و عەمەلی خودی شانەکانە بۆ کێشکردنی یەک ڕابەری عەمەلی کرێکاری و بۆ ڕێکخستنی وەک یەک ئاژیتاتۆری حیزبی، کە هەمان ئەرکی ڕابەری بە شێوەی کۆمۆنیستی و لەژێر ئامانج و پێودانگ ودیسپلینی حیزبیدا ئەنجام دەدات، ڕێکخراوی نهێنی ئێمە (لیرەدا مەبەستمان شانەکانە) دەبێت توانایی سەرەتایی بەدەست هێنابێت. هەموو شانەیەک توانای ئەم جۆرە ڕێکخستنەی نییە. شانە دەبێت لە ڕووی سیاسییەوە ئاستێکی بەرزی هەبێت. تواناییەکی تەرویجی باشی لە خۆدا چڕ کردبێتەوە و بە باشی ئاگای لە مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و داواکارییەکانی کرێکاران بێت. شانە دەبێت تا ڕادەیەکی دیاریکراو لە مەسەلەی ڕێکخستنی ئەڵقە تەرویجییەکان، دابەشکردنی بڵاوکراوەکانی حیزب، فێرکردن و پەروەردەی کرێکاران و بە کورتی لە ڕێکخستن و ئەنجامدانی ئەو ئەرکە ئاساییانەی کە لە نامیلکەی "ئەرکەکانی شانە حیزبیەکان"دا هاتووە، بەرەو پێش چوو بێت، لە ڕووی ئەمنییەتییەوە پەیوەندییەکانی خۆی بە تەواوی پتەو کردبێت و لە ڕووی چەندایەتی هێزەوە بە ڕادەیەکی پێویست گەشەی کردبێت. دابینکردنی پێداویستییەکان، پاراستنی پەیوەندی، ڕابەری و ڕێکخستنی ئاژیتاتۆر خۆی پێویستی بە تەرخانکردنی وزەیەکی زۆرە. شانە

دەبێت ئەو توانایییەی هەبێت، کە ئاژیتاتۆر لە خزمەتی حیزبدا هەڵسوڕاو بکات، نەوەک خۆی لە ڕێگەی کۆمەڵە مەسەلەیەکەوە، کە لە لایەن ئاژیتاتۆرەوە بۆ ئەو دێتە پێش، قووت بدرێت و لە ئەنجامدانی ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆیشی ببێتە دواوە... ڕۆشنە، کە تەنانەت شانە لاوازەکانیش ناتوانن و نابێت سەبارەت بە ڕابەرانی عەمەلی کرێکاری، کە لە دەوروبەری هەڵسووڕانی خۆیاندا لەگەڵ ئەوان لە پەیوەندی دان بێلایەن بن و گوێیان نەدەنێ. بەڵام دەبێت ئەوە بزانن، کە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەستەیە لە کرێکاران و ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆتینی حیزبی لە پەیوەند لەگەڵیاندا تا ڕێکخستنی ئەوان، وەک یەک موبەلیغی جەماوەریی حیزبی، ڕێگەیەکی دوور و درێژە. بەڵام هەر چۆنێک بێت، ئەمە ڕێگەیەکە، کە هەر شانەیەکی حیزبی لە بەردەوامی هەوڵ و تەقەلای سەرکەوتووانەی خۆی، لە ڕێکخستنی سەرەتایی خۆیدا درەنگ یان زوو هەنگاوی تیا هەڵدێنێتەوە.